# هەڵبژاردن و دادگای باڵای فیدراڵی

23-09-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لە وۆرژانی رابردوودا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە ئەوان دەتوانن هەڵبژاردنی پێشوەخت بەڕێوەببەن، هەلومەرجەکەی بۆ بڕەخسێندرێت. یەکێك لەوانەش یاسای دادگای باڵای فیدراڵییە وەك مەرجەعی پەسەندکردنی یان رەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

RRC |

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

پێشەکی

لە ۆرژانی رابردوودا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە ئەوان دەتوانن هەڵبژاردنی پێشوەخت بەڕێوەببەن، هەلومەرجەکەی بۆ بڕەخسێندرێت. یەکێك لەوانەش یاسای دادگای باڵای فیدراڵییە وەك مەرجەعی پەسەندکردنی یان رەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

دەستوری ساڵی 2005عێراق لە مادەی (92)دا باسی دادگای باڵای فیدراڵی کردووە ولەمادەی (93)شدا تایبەتمەندییەکانی روونکردۆتەوە. ئەرکی داوە بە سەر ئەنجومەنی نوێنەران کە یاسای بۆ دەربکات تا چۆنیەتی  دروستکردن و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی بە تەواوی روون بێتەوە. بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران تا ئێستا خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە نەداوە. ئەم دادگای باڵای فیدراڵییەی کە ئێستا هەیە بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە، لەسالی 2004 دروست بووە. واتە ساڵێك پێش نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق دامەزاروە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دادگایە بە پشت بەستن بەدەستوور دروستنەکراوە بەڵکو لەژێر رۆشنایی مادەی (44)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دروست بووە کە خودی یاساکەش لەپاش دەرچونی دەستووری هەمیشەیی هەڵوەشاوەتەوە. گرفتەکانی ئەم دادگایە زۆرن بەڵام، ئەوەی بەلای ئێمەوە جێی بایەخی ئەم قۆناخەی پرۆسەی سیاسی عێراقە، ئەوەیە کە هەم لە غیابی دادگای باڵای فیدراڵیدابن و هەمیش لەبەردەم هەڵبژاردنێکی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەراندابن؟ بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا پێویستە بەرلە هەڵبژاردن یاسای دادگای فیدراڵی پێشتر یەکلا بکرێتەوە؟ ئایا بەبێ بوونی دادگای باڵای فیدراڵی  دەکرێ هەڵبژاردن بکرێت؟

**کێشە بنیاتیەکانی دادگاکە چین؟**

وەك لە مادەی (92-93) ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، پێویستە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەران بە رێژەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەربکرێت و دوبارە دروستبکرێتەوە. بەڵام تائێستا ئەو یاسایە دەرنەکراوە. ناکۆکیی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان لەسەر دەرکرنی یاساکە هەیە و گەورەترین گرفتی دادگاکەش بریتیە لەو گرفتە بنیاتیەی کەوا دادگاکە بەپێی بنەماکانی دەستوری عێراق دروست نەبووە. ئەمەش وایکردوە رەچاوی ئەو مەرجانە نەکرێ کە دەستور بۆ دروستکردن و دیاریکردنی ئەندامەکانی دیاریکردوە کە پێویستە لە ژماریەك دادوەر و فقهای یاسا و فقهای شەریعەی ئیسلامی پێك بێن. بۆیە ئەم دادگایە تائێستا وەك ئامرازێکی سیاسی وابووە بەدەست هێزی باڵادەستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بۆئەوەی خۆمان لەو گرفتە قوڵە رزگار بکەین، پێویستە بەرلەهەر شتێك یاسایەك بۆ دادگاکە دەربکرێت و سەرلەنوێ بنایت بنرێتەوە. لەبنەڕەتەوە بەبێ بونی دادگای فیدراڵی ئەستەمە هەلبژاردن بەڕێوە بچێت.

دادگای باڵای فیدراڵی تاکە لایەنە کە چاودێرە بەسەر هەموو یاسا ورێسا فیدراڵیەکانەوە کەوا لە عێراق دەردەچن. ئەمە پەسەند کردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەگرێتەوە. هەڵبەت ئێستا لەبەرخانەنشین بوونی یەکێك لەئەندامەکانی کە 9کەسن، دادگاکە ناتوانێت هیچ کۆبونەوەیەك بکات و پەکی کەوتووە. چونکە کۆبونەوەکان و بریارەکانی دادگاکە بە ئامادەبونی هەموو ئەندامەکانی دەبێت و لەئەگەری ئامادەنەبوون یان خانەنشین بوون یان مردنی یەکێکیان، دادگا پەکی دەکەوێت وناتوانێت کۆببێتەوە. ئێستا عێراق لەبەردەم هەڵبژاردنێکی پێشوەختەدایە کە گرفتی زۆر هەیە. لەسەر کاتی ئەنجامدانەکەی هیچ کۆدەنگیەك دروست نەبووە. پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی لەعێراق تاڕادەیەك بەهۆی راگەیاندنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەوە پەکی کەوتووە.بۆیە لەبەردەم دوو گرفتی گەورەداین. یەکەمیان نەبوونی کۆدەنگیەکی سیاسی و بوونی گرفت و ململانێ لەنیوان سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە بەهۆی دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن و ئەوی دیکەشیان پەککەوتنی دادگای باڵای فیدراڵییە. ئەم دوو گرفتە دەمانگەیەنێت بەو راستیەی کە بەم دۆخەوە زەحمەتە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بکرێت.

**ئەنجام**

رێگاچارەی دەرچوونی عێراق لەم قەیرانە یاساییە بریتییە لە هەمواركردنەوەی یاسای ژماری (30)ی سالی (2004 )ی دادگای باڵای فیدراڵی

یان دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ دادگاکە لە ژێر رۆشنایی مادەی (61) دەستوردا کە دەسەڵاتی دەرکردنی یاساکەی بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە. لەئێستادا دوو پرۆژە یاسا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییە لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە کە پێویستە بەرلە (6) مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کێشەی دادگای فیدراڵی یەکلایی بکاتەوە یان بە دەرکرنی یاسایەکی نوێ کە پرۆژەکەی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە ئامادە کراوە و نێردراوە بۆ پەرلەمان، یان بەهەمواركردنەوەی یاسا کۆنەکە کە ئەویش بەهەمان شێوە پرۆژەیەکی هەمواركردن رەوانەی پەرلەمان کراوە کە پێویستە پەرلەمان لەم وەرزەی یاسادانانی خۆیدا ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە. چونکە ئەستەمە بەبێ یەکلایکردنەوەی دۆسییەی دادگای باڵای فیدراڵی هەڵبژاردن بکرێت.